# هونەری سووری زەمان

هووشەنگ ئیبتیهاج (سایە)
لە فارسییەوە: فەرامەرز ئاغابەیگی
(یەزد)



ئەمڕۆکە نە دەسپێک و نە کۆتایی جیهانە
شادی و غەمی زۆر ماوە، لەژێر پەردە نیهانە
گەر ڕێڕەوی ڕێزانی، وەلا نێ غەمی مەودا
بێ شک بە، گەیشتن هونەری سووری زەمانە
تۆ ڕاگوزەری زۆر لەوەپێش شوێنگەیی عیشقی
چاو لێکە لە خوێن تۆیە کە هەر پێگە نیشانە
هەر ئاوێ وچان بگرێ، زەوی کۆڵەیی دەکوتێ (١)
دەریای لە تەوێڵ دایە، چەمێ دایمە ڕەوانە
خۆزگا کە بێەنگێوێ نیشان، جارێ لە جاران:
کۆی ئەو هەموو تیرەی کە لەناو سنگی کەوانە
لەو ڕۆژەوە ڕۆژگار ئەمنی دابڕی تۆ کرد
دیدەم وەکوو دوو کوڵکوڵە (٢) خوێنی لە کوڵانە (٣)
داخان و مەخابن لە گەمە و کایەیی خوێندا
گەپچاڕی زەمان، هەر دڵی ئینسانە بە ژانە
سنگ ڕاخەری کاروانی گوڵ و لالە بوو یەکسەر:
دەشتێ کە ئەلان پەڵخی (٤) سوارانی خەزانە
ڕۆژێ کە هەناسەی بێتەبەر سروەیی نەورۆز
تا دیدە هەتەر کا، گوڵ و سەوزایی لە خوانە
ئەمڕۆکە تۆ هاواری منت بیستووە ئەی کێو
دەردێکە لە ناخ سینە کە هامزایی (٥) جیهانە
چەند باسی کرا ماف و ئەوین، هیچ نەکرا هیچ!
چەند دوورە خودا جەمسەری ئەم دەست و زمانە؟!
لەم قوژبنی خامۆشییە خوێن دەتکێ لە دیدەم
ئەو سەبرە کە من گرتمەبەر، هەڵکوشی گیانە
ڕێ لار مەکە ئەی سایە کە ئەو گەوهەری ویستە
گەنجێکە لەژێر پێ و قەدەمی ڕاگوزەرانە.

**پەراوێزەکان:**

**١- زەوی کۆڵەیی دەکوتێ: واتە زەوی زوو دەیمژێ و لەناو دەچێ.**

**٢ - کوڵکوڵە: قوڵقوڵە، فیچقە، پیت، کوفارە، فوویرەک، فوارە.**

**٣- لە کوڵانە: لە قوڵتە، لە جۆشە.**

**٤- پەڵخ: پامال، پێخوست، پێشێل، پان و فلچ.**

**٥- هامزا: جمک، دووانە، لفانە، جومڵانە (دوقلو).**

**سەرچاوە:**

**ابتهاج، هوشنگ(١٣٨٧)، سیاه مشق، چ بیستم، تهران، نشر کارنامە.**